


# لەبەر ڕۆشناییی ڕۆحگەراییەوە

پێشەوا کاکەیی - ڕۆژ هەڵەبجەیی

١

قرژاڵ، نیوەڕۆیان دەعوەتی کیسەڵ بوو،

بەس هێندە بە خاووخلیچکی چێشتی حازردەکرد:

دەبوو بە عەسر.

لە داخی گەرما:

قارچکی دەکردە کەپر!.

--------------------------------

قرژاڵ، کە ئاو ماندووی دەکرد:

پاڵی دەنا بە نیوەڕۆ و،

لە عەسرێکی فێنکدا،

بە دوای تراویلکەدا دەگەڕا!.

٢



سیسرکە، دەبێت بگەڕێتەوە نێو حەقیقەتی خۆی،

لە پەیڤی نەشیاوی مرۆڤ دووربکەوێتەوە.

مرۆڤ، وەها بە دوایدا بگەڕێت:

هیچ ئاوازێک لەو خۆشتر، نەچووبێتە گوێچکەیەوە!.

-------------------------------------------

سیسرکە، بە فڕینێکی شەلەوە:

دەگاتە قوژبنی دیوارەکان.

بێئاگا لە مرۆڤ،

هەموو دیوارەکانی بە ژەهر قیرتاوکردووە!.

3

گیا، دوای تەواوبوونی زیکری، لە ژێر پێی مرۆڤ:

وەک دەروێشێک، خەنجەر هەڵناکێشێت و،

بیدات لە تەپڵی سەریی و،

لە بەرچاوی هەمووواندا: خوێنی لێ بچۆڕێتەوە.

گیا، لە تاو پەلکێکی، کە زەردهەڵدەگەڕێت:

لە ژێر پێشدا، هەر سەرقاڵی نووره!.

---------------------------------------------

گیا، ئەوەندە بە سەوزی زیکر و تەهلیلە دەکات:

تا، تای لێدێت و، زەردهەڵدەگەڕێت.

دواتر، لەسەر بەرماڵی با:

شۆڕشی نوێژ بەرپا دەکات!.



٤

بەرد، قوتابخانەیەکە: دەچێتەوە سەر شۆڕشی فیکری.

لە هێزی سوور نییە و، سپیخوازە*.

گەر ئەقڵ نەچێتە نێو دەستەوە:

حەز بە سەری کەس نکات، خوێنی لێ بچۆڕێتەوە!.

---

قوتابخانەی بەرد، دەچێتەوە سەر شۆڕشی سپیی.

ئیدی هەموو ئاقڵەکان، لەوەوە:

فێری تێزێک دەبن،

ئەویش، ئەفسانەی بێدەنگیی!.

٥

ڕێوی، بیانووی دەمی مرۆڤە:

بۆ فێڵکردن خولقابێت.

ئەو، لەبەر چەقەڵ سەری لێ شێواوە:

کە زۆر لە خۆی دەچێت!.

-----------------------------------

ڕێوی، هەرچەندە فێڵباز بێت:

ناگاتە فێڵی مرۆڤەکان.

دان بۆ مریشکەکان ڕۆدەکەن:

دواتر، جەللادن بۆیان!.

-٦-

پەپوولە هێندە دڵتەنگە، ناگاتە وەرزێکیش:

وەک پەککەوتەیەک، بەسەر چڵی نێرگزێکەوە، سەردەنێتەوە.

وەک خۆی نا، لە داخی ئەو شاعیرانەی، دەیخەنە نێو ڕستەیەکی شیعریی:

کە جگە لە دڵەڕاوکێ بۆ مەرگ، هیچترووسکایەکیش بۆ ژیان ناهێڵنەوە!.

------------------------------------------

پەپوولە، تەنیا وەرزێکی هەیە بۆ ژیان:

بۆنی هەموو گوڵێکی کرد و، عیشقی پێ نەکرد، بۆ خۆی.

دوا جار، لە حیکمەتی چرایەکدا:

بۆ عیشق بووە قوربانی!.

شیعر

٧

ورچ، هێندە ناشیرین کراوە بە ڕێنووسی قەڵەویی:

ژن و پیاویش، هەمیشە ڕکابەرێتییانە لەسەر کزیی.

کەچی دونیای منداڵیی، ئەوەندە پاک و جوانە، کە ورچ دەبینێت:

دەڵێت: بە دەم چیرۆک خوێندنەوەوە، لە باوەشمدا دەخەوییت!.

------------------------------------------------

تابلۆی سەر دیوارەکە:

چیرۆکێکە لە ئەفسانە.

ورچێکە، لە نێو بەفردا گەمە دەکات:

مناڵێک، قاپێک لە پێکەنینی پێشکەش دەکات!.



٨

گورگ، لە ڕەونەقیی تیژی ددانەکانییەوە مەڕوانە: هێزت بەرێت.

بۆنی وەهاشی پێ مەبەخشە، کە بە گۆشتتەوە: ئێسقانیشت بهاڕێت.

تۆ کە ئێرەیی نابەیت بە ڕۆح و، بتەوێت ئەویش لەتەکتدا بخەوێت:

بە هێزی خۆتدا بچۆوە و، هێندەش بۆن مەکە: گورک قەڵس ببێت!.

------------------------------

گورک، هەڕەشە لە گیا ناکات: کە سەوزایی حونجە دەکات.

مرۆڤ، برێک جار ئێرەییەکانی کۆ دەکاتەوە: تا لە ماڵی ئەو بێت.

مەگەر لە ماڵی گورگ و مرۆڤدا، چ شتێک هەیە:

گەر گۆشت لە نێوانیاندا، هاوبەش نەبێت!.

٩

مراوی، شیکاری چڵپاوخۆریی و، زێرابەکانی بۆ مەکەن،

بارێک کە لە نێو زگتاندایە، بە قەبزیی بۆی ئاودیو دەکەن،

چ دەکەن، دوایی بۆ گۆشت، بە چەقۆ ئەنجن ئەنجنی دەکەن!.

----------------------------------------

مرۆڤ چەند سەیرە، بە تەنز: مرواوی، دەدەنە بەر لێشاوی دەمارگیریی.

هەرچەندە بڕواتە قووڵایی پێڵاوەکانی گۆم و ڕووبار:

مەرحەمەکانی تەڕبوون ناناسێ.

مرۆڤ چەند سەیرە، تەنزەکانی دەسڕێتەوە:

بە دەستنووسی چەقۆیەک، پەیامی ئاشتەوایی بۆ دەنێرێ!.



١٠

پشیلە، هەرچی خووی بێ نمەکی هەیە، وەها داویانەتە پاڵی:

بە ئاستەم لە ئێمە جودا بێت، کە سمێڵمان سپیی بووە بە ماستی.

کەچی ڕەچەڵەکی شێر و پڵنگ، دەچنەوە سەر جوانیی وی!.

------------------------------------------------------

شیعر

لە کوچە و کۆڵانەکانی پشیلەوە:
دەچمەوە سەر دووڕیانی خۆشەویستیی و جوانی.
لە دەریای چاوەکانی پشیلەوە، کە مەلەوانەکان هاتنەوە،
وتیان: پشیلە خوویەکی نییە، بێ نمەکی.
ئەوە بیرچوونەوەی هزرە، بۆتە
گرێیەک لە سەنتەری سمێڵەکانی!.
٩- ١٨/١٠/ ٢٠١٦

تێچنین:
- بەشی یەکەمی شیعرەکە: پێشەوا کاکەیی.
- بەشی دووەمی شیعرەکە: ڕۆژ هەڵەبجەیی





## پێشەوا کاکەیی

لەدایکبووی 1984 قەڵادزێ

دەرچووی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی 2008-2009

لە ساڵی 2004 سەرەتای دەستپێکردنی شیعریی بووە.

خاوەنی 6 بەرهەمی چاپ کراوە. لەوانە:

(( پاشماوەی هەناسەکان/ کۆمەڵە شیعر 2008. منم دیدەوانی گوڵ دەکەم، شیعر/ قەسیدە/ 2011. باغ: غەزەلی تۆ/شیعر 2011

بەرهەمێکی ئامادەیە بۆ چاپ «دەقی والا»یە، بە نێوی «خانۆچکەکەی ماڵی پوورە خونچێمەوە بۆ کەلاوەکەی سەعیدییان»

لە زۆربەی سایتەکان و بە تایبەت لە سایتی « کولتوور مەگەزین و قەڵەم و دەنگەکان و هسارە» شیعر و ئەدەبینامە و جار جار وتار بڵاو دەکاتەوە.



## ڕۆژ هەڵەبجەیی

لە شاری هەڵەبجە لەدایك بووە هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە.

پەیمانگای مامۆستایانی لەسلێمانی تەواوکردووە.

هەر لەمنداڵییەوە حەزو ئارەزوویوکی زۆری هەبووە بۆ خوێندنەوەی شیعرو چیرۆك بەتایبەتی شیعرەکانی گۆران و ئەحمەد موختار جاف.

یەکەم شیعری لەتەمەنێکی منداڵییەوە بەناوێکی خوازراوەوە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاو کردەوە لەساڵی (1986).

بەهۆی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە لە شیعر نووسین وەستا.

دوای ڕاپەڕین لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کۆڕی شیعری گوتووە.

لەزۆربەی ڤێستیڤاڵەکانی کوردستان بەشداری کردووە

تائێستا دوانزە خەڵات وەرگرتووەو دەیان ڕێزلێنانی هەیە

تا ئێستاش پێنج کۆمەڵە شیعری هەیە: **1**- تارمای پێی مەراقێك. **2**- نەخورەی دەرگایەك نەقومێك کەس. **3**- تاخەو دائەگیرسێ بنوو. **4**- ئەو موناجاتێکە لەچاوەکان. **5**- پایزێك بەپاڵتۆی کانوونێکەوە.